www.kurdistannet.org
18-10-2006 22:59بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## جەژنی ئابلۆقەی ئابوریتان پیرۆز ... شیروان موحەمەد ئەمین



هەموو جەژنێك بازاڕی ڕەش گەمارۆیی خەڵکی کوردوستان بەگشتی بە تایبەت چین و توێژی هەژاران و موچە خۆرانی حکومەت دەدات، جەژنە پیرۆزەی ئەمساڵ نەهامەتیەکانی گرانی زیاتر لە بارودۆخیی ساڵانی رابردووەوە بیر هێنایەنەوە.

ببورن پێویستە بەر لەوەی گلەیی توێژی چەوساوەکانی ئەم نیشتمانە، لە گرفتی گرانی ئاو کارەبا سوتەمەنی هاتوچۆی شارەکەم باس بکەم کە هاوڵاتیان هەموو ئێوارەیەك بە دوایی پاسدا ماراسۆن دەکەن؟ ئەو سکە قیتارەی لای هەندێکتان خەندەیەکی تەنز ئامێز بوو وا بریارە ساڵی ئایندە حکومەتی کوردوستان لە بەرنامەی ساڵی 2007 دا بەنیازە هێڵی ئاسنین (شەمەند نەفەر) پێنجوێن بۆ سلێمانی دروست بکات. ئیتر هاتوچۆی هاوڵاتیان و کانە بەردی پێنجوێن و بازرگانی کوردوستان بۆ ئێران باشتر دەبێت وەکو هەموان دەزانین خێرو بێری داهاتەکانی تر بۆ خزمەتی میللەت بوە.

ئەگەر لە کوردستان بەراوردێك لە نێوان ئابوری ساڵی ڕابردوی ئەمساڵدا بکەین ئەوا دەبینین هەڵکشان و داکشانێکی ئێجگار زۆرە، هەڵکشان لەو کاڵایانەی بەناوی بازاڕی ئازاد نرخەکانیان گران کراوەو قەدەغەیە شتانێکی لەو جۆرە بێتە بازاڕەوە، لەکاتێکدا درۆ زیلکەکان گوایە بەرژەوەندی گشتی تەندروستیمان لە (ئەنفلۆزیایی باڵندە) دەپارێزن، ئەوەتا بەرهەمی (کێڵگە پەلەوەریەکان و کشتوکاڵی) ناوخۆ بۆ بێگانە دەنێرن ڕیقنەکەشی بۆخۆمانە، قسە خۆشەکانی حکومەت بۆتە پاساوێکی سەیر، لەوەش سەیر تر بانێکەو دوو هەوا، سادەترین نمونە. لە شاری سلێمانی یەك تەبەق هێلکە بە 5000 هەزارو لە شاری هەولێر بە 2500 دینارە؟نرخی کرێی تەکسی ناو شار لە 2000-5000 هەزار بەپێی شوێنەکان گۆڕاوە، وێرایی ئەوەی هەمومان کرێچی کۆمپانیاکانی تەلفۆنین. کە خۆیان شەریك و خەریکن.

ئەو کەسانەی لە ئێرانەوە بە نهێنی هیلکەو هەندێك لە وخۆراکانەی تر دەهێنن بەبی پشکنینی پزیشکی دەخرێتە ناوچاڵ ودەسوتێنرێت؟ لەبەر خاتری چاوی کاڵی سەرمایەدارەکانی هاوڕێیان.

ئێمە نزیکەی 16ساڵە چاومان قەتیس ماوە لە هەموو ئەو جۆرە نارەوایکردنە وەك لە دورەوە دەبینن و دەبیستن کەوا چ گرانیەك تەنگی بە ئابوری هاوڵاتیان هەڵچنیوە، لەگەڵ بەرزکردنەوەی نرخ دەستان لە باخەڵی گەرم نابێتەوە، دوایی چەندین جار مانگرتن و دەربرینی نارەزایی فرمانبەران ئینجا زەنگی ترس هەستەکانتان دەبزوێنی و کەمێك گۆڕان لە موچەکانیاندا دەکەن. پاشاکانی ئەم دەفەرە ببورن بەناوی کرێکارو جوتیار و فرمانبەرانی حکومەت پێتان دەڵێم ئێوە لە چەند ساڵی ڕابردو زەکات و سەرفترەکانی خۆتان ببەخشیایە بەو منالە بێنازەی کە خواردنی جەژنی نیە لە منالە خرپن و سورو سپیەکانی ئێوە ناچێت، ئەوانیش بژێوی ژیانیان باشتر دەبو تاکو ئێوە لەسەر ئەو حاڵ و گوزەرانەی خۆتان بن وەك هەمیشە هەربێنە، لە ئێمەش بەلێ.. گەورەم بفەرمون چاوەڕوانی چی بکەین باشە.

هاکا شۆرش هەڵگیرسا بورکانی قین جارێکی تر تەقیەوەو نەوەی نوی ماڵئاوایی لێکردن، پیچمان بلێن چیتان پێدەکرێت؟ هەمووومان پێشمەرگە بوین بۆ فیشەکە ئاڕستە کراوەکانی دوژمن سنگمان قەڵغانی ئێوەبو. کە چی ئەمڕۆ گەرانی و نەبونی ئاو کارەباو سوتەمەنی بۆ ئێمە یە؟ بۆیە لە کۆتایدا دەڵێم سوپاس بۆ دە هەزار دینار جەژنانەی حکومەتی عێراق، پیرۆزبێت جەژنی ئابلۆقەدانی ئابوری لە کوردوستان.